# به كوردی وبه كورتی

هه موو وولاتێكی سەر ڕوی ئەم گۆی زەمینە ئالای تایبەت بە خۆی هەیەو شانازیشی پێیوە دەكەن, كاتێك تیپەكانی یاری تۆپی پێ ی هەر وولاتێك بچن بۆ وولاتێكی تر بۆ یاری كردن ئالای وولاتەكەیان لە گەل خۆیان دەبەن,یا چاكترە بلێن كاتێك سەرۆك كۆماریا نوێنەرێكی سیاسی لەسەر ئاستی وولات یا سەرۆك وەزیران ,كاتێك سەر دانی وولاتێك یا هەرێمێك دەكەن,وەكو عادەتەن ئالای وولاتەكەیان لەپشتەوە دادەنێن.

بەلاّم ئەوەی سەیرە ئەوەیە لە ڕێكەوتی 2005/6/4لەیەكەم دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان,سەرۆك كۆمارو سەرۆكی ئەنجومونی نیشتمانی عێراق وچەندین كەسایەتی لە حكومەتی بەناو دیمووكراسی عێراق ئامادەی ئەم دانیشتنە بوون,كەچی ئەوەی سەیرو سەرەنج ڕاكێشە ئا لای عێراق دانەنرابوو تەنها ئالای كوردستان سەر بەرز بەرامبەر میوانەكان وەستابوو,دەبی سەرۆك كۆمارو سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق گلەییان نەكەن لەوەی بۆچی ئالاكەی ئەوانیش دانەنرابو,با چاوەڕوان بین بزانین لە داهاتوودا ئا لای كوردستان هەر بەتەنها دەمێنێتەوەیانیش ئالای عێراقیشی بە پالەپەستۆ دەخەنە پالی دوای ئەنجام دانی چەندین كۆبونەوە.

پاشگەزبونەوە

زوزو دەبینین و دەبیستین فلانە ڕۆژنامەنوس یافلانە كەسایەتی یا فلان, بەتۆمەتی شتێك یا نوسینێك یا ووتارێكی سیاسی یا هەر چالاكیەك كە پەیوەندی بەئازادی ڕادەر برین و مافی تاك وچالاكی ڕێكخراوەییەوە هەبێت,ڕێك دەی گرن ودەی خەنە زیندانەوەیا فەرمانی گرتنی بۆ دەردەكەن,بەلاّم دوای ئەوەی دارو دەستەك لێیان لەهەلاّ دەدرێت و دەكەونە ژێرتەوژمی جەماوەرییەوە,زۆر بە پە لەو بەخێرایی لە بڕیارەكەیان پاشگەز دەبنەوە.

بەلێنەكانی هەلبژاردن

لە سەرو بەندی هەلبژاردن هەردوو پارتی سەرەكی,زۆریان وەعدەو بەلێن بەجەماوەری كوردستان دا,ئاوەدانكردنەوە,ڕێگاوبان قیرتاوكردن,كارەبا,خۆشگوزەرانی ژیانی گەل,پلەو پایە بۆ ئەوانەی سەنگەریان گواستبۆوە,زۆر شتی تریش لەگەل بەلێنەكان بوو, بە لاّم من با درێژەی پێ نەدەم,تەنها بەلێن كە لەبیریان كردبوو ئەویش دادگایی كردنی جاش ومستەشاروكۆنە بەعسی وبەكرێگیراوانی ڕژێم بووئەوانەی قارەمانی ئەنفال وكاولو وێرانكردنی گوندەكانی كوردستان بوون ئەوانەی سەنگەرەكان ومقەڕاتی پێشمەرگەیان بە مقاوەلات لە ڕژێم دەگرت,كەچی بەداخەوە لیستەكانیان بە ناوەكانیان ڕازاندبونەوەوكراوون بە دەم ڕاست ونوێنەری خەللك,بەلاّم حاشا, بە لاّم بابزانین وچاوە ڕێ بین بەلكوو لە هەلبژاردنی داهاتوو دا ئەم بەلێنە بدەن ......!!!!!!!!!!

2005/05/04

یوسف,ا,مەنتك